# ئێران و دونیا

ئەحمەدی مەلا

سنوورەکانی کوردستان جارێکی دیکەش بوونەوە مۆڵگەی شەڕ و پێکدادان و تۆپباران و راگوێزرانەوەی خێزان و کاولبوونی خانوو و جێلقبوونی ژیان کە خۆی لە بنەڕەتدا جێلەقە. ئەم کارەساتانە وەکو گلۆڵەیەکە و بە دەستی شەیتانەکاندا ئاڵۆزکاوە و تا دێتیش لە پێی ئینسانەکان گیر دەبێت. چی دەبنە خەڵووزی ئەم هەموو کارەساتانە؟

دەبێ ئێمە پرسیاری جەوهەری لەمەڕ شارستانییەتی خۆمان بکەین و بە پێوەرەکان ئینساندۆستی و پێشکەوتن و عەدالەتی کۆمەڵایەتی و رێز و مافەکانی مرۆڤ و ژن و زارۆکان بپێوین و ببنە سەنگی مەحەکی نەک ئەوەی لە زیهندا پەنگی خواردۆتەوە.

لە نێو ساڵانی ١٩٧٨ و ١٩٧٩ خەڵکانی ئێران راپەڕین. راپەڕین چ موفرەدەیەکی تەزووبەخشە و هەندێجاریش بە قەد ئەوەی ئینسانە سادەکان فریو دەدات هەندەش فەیلەسووفان و فیکردۆستانیش بە هەڵەدا دەبات. ئێمەی کورد، ئەو سەردەمە بە چاوێکی گەش و پڕ هیواوە سەیری ئەو راپەڕینەمان دەکرد و هەستمان دەکرد پەنجەرەیەکی گەورە بەرەوە ئاسۆکانی کوردستانی ئێران یەکئالا دەبێتەوە و شای دۆست–دوژمنی کوردان لە سەر شانۆی سیاسەت تێدەخوارێ و گەلەکان دەچنە سەر هەمان ئەو شانۆیە.

ئەمە وابوو بە نیسبەت ئێمەوە ؛ لە پاریسیش، راستر لە گەڕەکی سان جێرمان–دو پرێ کە بە گەڕەکی هەڵوێست لەمەڕ کێشەکانی دونیا دەناسرێتەوە، جارێکی دی دەبووژێتەوە و ژان پۆل سارتەر و سیمۆن دو بۆڤار رێپیوان ساز دەدەن. ئەگەر سارتەر تەنها لە پاریس خۆی بە رێکخستنی ئەم خۆپیشاندانە خەریک دەکات، ئەوە سیمۆن دو بۆڤار سەفەری تاران دەکات و لایەنگریی خۆی بۆ ئەو راپەڕینە دەردەخات و میشێل فۆکۆ دوو سەردانی تاران دەکات و وەکو رۆژنامەوانێک دەیەوێ لە نزیکەوە لەو راپەڕینە میللییە بگات و ئاواتەخوازی ئەوە بوو کە لە ژێر چەتری شیعەدا، ئینسان ملکەچی یاسا نەبێت و ئایندەی خۆی دروست کات و هەروەها نوقلانەی بۆ داهاتوو پێ بێت و " رۆحییانییەتی سیاسەت" بگەڕێتەوە نێو شادەمارەکانی کۆمەڵگا.
هەروەها هەر لەو سەردەمەدا، ئەندرێ فۆنتێن بابەتێکی گرینگ لە یەکێ لە رۆژنامە هەرە بەناوبانگەکان بڵاودەکاتەوە ئیمام خومەینی لە گەڵ ژان پۆلی دووەم بەراوردە دەکات و بە هیوایەی کە ئەخلاق بگەڕێننەوە سیاسەت و ئینسان لە هەلاکەتی سەدەی بیستەم رزگار کەن. خێرا رەورەوەکانی شۆڕش روو لە بنەبەستەکان دەکەن!

راپەڕینی میللەت دەقۆزدرێتەوە و ئەو هیوایەی کە لە نێوچاوانی میللەت پزیسکی دەهاویشت خێرا لە ژێر عەبا رەشەکاندا دەخنکێرێت. سیمۆن دو بۆڤار هەست دەکات بە هەڵەدا چووە و سارتەر کەمێک پەشیمان دەبێتەوە و فۆکۆش، سەرەرای ئەوەی بە جۆشوخرۆشەوە پێشەوازی لەو سەرهەڵدانە دەکات، نیگەرانی خۆی دەردەبڕێ.

راپەڕینی میللەت لە سەرووی لێکدانەوەکانەوە ئیش دەکات، بەڵکو لە سەرووی مێژووەوە و پاشان رچەکانی دیاری دەکرێن. میللەتەکانی ئێران دژ بە شا راوەستان، چونکە مافەکانی مرۆڤ و مافی جوداوازیی لە ژێر حوکمی ئیستیبدادی شا دا بە تەواوی سڕابووەوە و عەدالەتی کۆمەڵایەتی لە ژێر پلەی سفرەوە خۆی رێکدەخست.

شۆڕشی ئیسلامی ئێران، هەروەکو فۆکۆ پێشبینی دەکرد گەلێ لە هاوکێشەکان تێکدەدات و هاوسەنگیی مەسەلەی فەلەستین سەروودیو دەکات و گەلێ حکوومەت جێلەق دەکات و گەلێکی دیش دەرووخێنێ.
شۆڕشی ئیسلامی، شۆڕشێکی ئیسلامی نەبوو وەکو ئەوەی پەیامی گەردوونی ئیسلام لێکیدەداتەوە کە ڕەگەز دەچێتە پلەی خوارەوە و خودادۆستی دەچێتە پلەی سەرەوە. بەڵکو لە نێو شۆڕشدا سێ چەمک گەشەیان کرد و خۆیان فەرز کرد. دوو دەستەچەمکی ویلایەتی فەقی کە تەفسیرێکی شیعی مەزهەبە و لە هاتنی مەهدی چاوەڕوانکراو دا، یەکسانی تەواو دەبەخشێتە ئینسانەکان. لێرەوە هەموو ناعەدالەتێک بە دروست دەزانرێ تا هاتنی ئیمامی غایب. چەمکی سێیەمیش بۆچوونی ئێتا-ناسیۆنە، بە واتەیەکی دی پارێزگاری سنووری ئێرانی فارسی لە سەرووی هەموو ئیعتیباراتێکەوە دێت. سەرەرای پەلهاوێشتن و بەرینکردنەوەی فەزای دەسەڵاتەکانی دونیای ئیسلام بە مەرجێ مەلبەندەکەی ئێران بێت و لەوێوە سەرچاوە وەرگرێت : پەیوەندییەکانی لە گەڵ باشووری لوبنان، باشووری عێراق، وڵاتانی کەنداو...

ڕاپەڕین و شۆڕش هیچ گۆڕانکارییەکی تەواوی نەبەخشییە شارستانییەتی ئیسلامی کە دەمێک ساڵ بوو، بەڵکو چەندین سەدە بوو بە تەبەعییەی ڕۆژئاوا خۆی دەناسییەوە. ئێرانی ئیسلامی نەیتوانی خۆی لە ڕۆژئاوا ئازاد کات، بەڵکو چمکی عەباکانی دەسەڵات تا دەسەڵاتەکەی ماوە گرێدراوە گێچەڵەکانی نێوان ئێران و ڕۆژئاوایە. دروشمی نە ڕۆژئاوا نە ڕۆژهەڵات هیچ ئارامییەکی نەبەخشییە وڵات.
ئەمە لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی، لە سەر خۆماڵیش، میللەتی کورد کە لە ڕێگای زمانەوە دەستەخوشکی زمانی فارسییە و لە رووی مێژووشەوە لە باوەشی یەک شارستانییەتەوە دێنە خوارێ و دەکەونە باوەشی هەمان ئاین کە ئیسلامە، کەچی جوداوازییەکانی کورد بە هەند وەرانگیرێت و ئەو شارستانییەتەی کە شۆڕشی ئیسلامی ئیدیعای بۆ دەکرد نەیتوانی ببێتە باوەشێکی فراوان. حوکمی لە سێدارەدانی ڕۆژنامەنووسانی کوردان و جەلدکردنی ئینسان و فەرزکردنی لەچک دەبێتە مەهانە هەرە لەبەرچاوەکانی ڕژیمێک کە دەبوایە، بە پێچەوانەی دیدی کۆڵکە فەقێیەک، زۆر گەورەتر سەیری ئیسلامی بکردبایە.
بەڵام لە دوا پێناسە دەگەڕێنەوە نێو هەمان سنووقی دەمداخراو کە شارستانییەتی ئێمە نە لە ڕێگای ئیسلامەوە دەتوانێ جیهانێکی سەرفراز بهێنێتەدی کە جێگای عەدالەتی کۆمەڵایەتی تیا ببێتەوە، نە لە عەلمانییەتیش، ناتوانێ سنوور بۆ غەریزە سەرەتاییەکان دابنێت. دونیا دەسووڕێت و جیهانەکەی ئێمەش تەنها هەر خوێن لە قەبرغەیەوە دادەچۆڕێ...
گێچەڵەکانیش کۆتاییان نەهاتووە...

دانشگای کاستییا لا مانچا-ئیسپانیا